# خۆپیشاندانی جەماوەریی لە شاری کەرکوك دژی زیاد کردنی نرخی سووتەمەنییەکان

ناوەندی خەبەری معاً لە شاری کەرکوك(19-12-2005 سەعات 17 بە کاتی بەغداد)

ئەمڕۆ 19-12-2005 حزبی کۆمۆنیستی کریکاری و یەکێتی کۆمۆنیستەکان هەستان بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری کەرکوك بۆ نیشاندانی نارەزایەتی بەرامبەر بڕیاری زیاد کردنی نرخی سوتەمەنییەکان. بڕیار وابوو کە خۆپیشاندان لە چەند گەڕەکی شارەوە بەرەو ناوشار بەڕێ بکەوێت و لە ناوەندی شار لە گۆڕەپانی مەحاکم کۆبوونەوەی فراوانی جەماوەریی ساز بدرێت. بەڵام هێزەکانی ناسراو بە (قوات التواری) ڕێگەیان لە خۆپیشاندانەکان گرت. جەماوەر لە گەڕەکی ئیسکان لە پشت خەستەخانەی ئازادی کۆبوونەوە بەڵام هێزەکانی ئەمریکا بەریان بە جەماوەر گرت و چواردەوری خۆپیشاندەرانیان گرت و هەروا هیزەکانی قوات التواری تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد بۆ بڵاوەپێکردنیان بەڵام هەر خێرا خۆپیشاندەران جاریکی تر کۆبوونەوە. لەم خۆپیشاندانە سەدان ژمارە لە بەیانی حزب بڵاوکرایەوە و هاوڕێ ئازاد مجید کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق قسەی بۆ خۆپیشاندەران کرد کە بەوپەڕی حەماسەت و گەرم و گوڕییەوە پێشوازی لێکرا.

خۆپیشاندەران لە گەڕەکی ئیسکان 3 جار لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گەمارۆ دران و بڵاوەیان پێ کرا بەڵام دیسانەوە خەڵك کۆبوونەتەوە و تا کاتی ئامادە کردنی ئەم هەواڵەش خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەر هەر بەردەوامە و هەروا تەقە کردن و دەستڕێژ کردن بەرامبەر خۆپیشاندەران بە چەکی سوك و نیوە قورس هەر بەردەوامە.

هەروەها لە گەڕەکی شۆرجە کۆبوونەوەیەکی تر ساز درا کە کەوتە بە تەقەی هێزە چەکدارەکان پێش ئەوەی خۆپیشاندانەکە بەرپا بکرێت. لە گەڕەکەکانی حی التچامن و حی عەسکەری و حی النصر خۆپیشاندان ساز درا و نیازی خەڵك ئەوە بوو کە بەرەو ناوشار بڕۆن بەڵام هەموو دەروازەکانی ئەو گەڕەکانە لە لایەن هیزەکانی ئەمریکاوە بەسترا و ئەمە وای کرد کە خۆپیشاندەران ڕێگای تر بگرن بۆ ئەوەی بەرەو ناوشار بچن.

لە هەر هەواڵێکی نوێ ئاگادارتان دەکەینەوە